www.kurdistannet.org

# شاعیرێکی ڕاپۆرتنووس

حەمەسەعید حەسەن

دراما کاتێک دروست دەبێت، هەردوو جەمسەری کێشەکە، لەسەر هەق بن، ئەگەر لایەکیان خاوەنی هیچ هەقێک نەبێت، ئەوە هەمووان لایەنی خاوەن هەق دەگرین و دراما چێ نابێت. دراما کاتێک دروست دەبێت، بالانسێک لە نێوان هێزی هەردوو لای ململانێکەدا هەبێت، ئەگەر لایەکیان تەواو بەهێز و ئەوی دی هێزی لێ بڕابێت، ئەوە هەمووان دەزانین، لایەنی بەهێز سەردەکەوێت و دیسان دراما دروست نابێت. ئەوە چونکە دراما هەمیشە دروست نابێت، بۆیە ناوبەناو بە بەردێک سەد قەل بەسەر دەکەمەوە.

*

پێم سەیرە ینک لەسەر پێوەندیی (نهێنی) بە بەعسەوە، ئەندامانی بهێنێتە گیروگاز، ئاخر خودی جەلال تاڵەبانی هەر لە حەفتەی تەمموزی شەست و هەشتەوە، تا یازدەی ئاداری حەفتا، (بە ئاشکرا) پیاوی بەعس بوو؟ ئەوە بۆچی (هێرش)یان بۆ (شالاو) هێناوە؟ تەنیا لەبەر ئەوەی (بە نهێنی) دەستی لەگەڵ بەعس تێکەڵ کردبوو؟ خۆ ئەو لەسەر بنجی خۆی ڕوابووەوە و بە موو لەو شارێیەی باوکی نەخشەی کێشابوو، لای نەدابوو. ئەدی عەلی عەسکەری، کە جێی شانازیی یەکێتییە، (بە ئاشکرا) بە درێژایی ساڵی ١٩٦٩ بە تانکی بەعس، خەریکی کاولکردنی کوردستان نەبوو؟ فایلی (شالاو) چەند پۆخڵ بێت، بڕوا ناکەم، نیو هێندەی بابی، (پەلامار)ی کورد دابێت!

*

شێرکۆ بێکەس

* چونکە شاعیری هەرە گەورەی دەرباری تاڵەبانییە.
* چونکە یەکەمین شاعیری کوردە، بە فرۆشتنی شیعر بە حیزب، ژیابێت.
* چونکە یەکەمین شاعیرە بە دراوی حیزب، شیعرەکانی بە تەرجوومەکردن دابێت.
* چونکە یەکەمین شاعیرە (چیرۆک)ێکی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی وەرگێڕابێت و (ڕۆمان)ێک هەڵەی لێ قەومابێت.(١)
* چونکە یەکەمین شاعیرە پشتگیریی لە تیرۆرکردنی شاعیرێکی دیکە کردبێت.(٢)
* چونکە یەکەمین شاعیرە بە بەنزینی شیعر، ئاگری شەڕی ناوخۆی خۆش کردبێت..
* چونکە یەکەمین شاعیرە، ڕاپۆرتی دژی نووسەرانی کورد بۆ حیزبەکەی نووسیبێت.(٣)

بە هیوام ئەگەر لە داهاتوودا، سەنتەری (نما)(٤) کۆڕی بۆ ساز کرد، ئاسایشی هەولێر ئاسانکاری پێویستی بۆ بکەن.

2003. 10. 11

(١) عوزر لە قەباحەت خراپتر، محەمەد موکری، ئایندە، ژ: ١٦ ل ٦١ تا ١٠٢ دەزگای سەردەم ٢٠٠٠ سلێمانی.

(٢) ئەوە نەبوو کە ینک لە ١٩٩٤/٩/١ دا لە سلێمانی (ئەبو بەکر عەلی)ی تیرۆر کرد، ئەو لایەنی تیرۆریستانی گرت.

(٣) یەکێتیی نووسەرانی کورد چی بەسەر هات؟ حەمەسەعید حەسەن، ل ٧٠ و ٧١ چاپخانەی ئاپێک، چاپی دووەم ١٩٩٤ ستۆکهۆڵم.

(٤) نما: کورتەی (نەوشیروان مستەفا أمین)ە.